ئەردۆغان: تورکیا لە تیرۆریزم پاک دەکەینەوە

سەرۆک کۆماری تورکیا جەختیکردەوە تورکیا لە تیرۆریزم پاک دەکەینەوە بەپشتبەستن بە ورەی خەڵکی و [illegible]انی بەرەی نوێ .

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا لە ڕێوڕەسمی چوارەمین دانیشتنی گەنجانی تورکیا لە ناوەندی کۆنگرەی ئەستەنبۆڵدا وێڕای لێکدانەوەی دوورنوێنەکانی بۆ داهاتووی تورکیا و بارودۆخی هەستیاری ناوچەکە، وتی: بە ئیزنی خودا و دوعای خەڵکی، سەرەتا تورکیایەکی بێ تیرۆر دەخەملێنین و پاشان ئەم ئاسایش و ئاسوودەییە بەرەو سەرتاسەری ناوچەکە پەرە پێ دەدەین.

ئەردۆغان وێڕای نرخاندنی بایەخی هاوڕیزیی نیشتمانی، جەختی لە گرنگی بەرەنگاربوونەوەی ئاژاوەگێڕی و سیاسەتگەلی شوناسی کرد و وتیشی: تورکیا یانەی هاوبەشی 86 ملیۆن کەسە. ئەمە هەموو بۆ پێشینە، باوەڕ و زمانی جۆراوجۆر لەم وڵاتەدا کۆبووینەتەوە و هیچکات ناهێڵین ئەم گەلە دابەش بێت و کەس بۆی نییە دەستی چەپەڵەکانی بەرەو یەکگرتوویمان درێژ بکاتەوە.